

# ئامێری کوشتنی ترس!

ئومێد قەرەنی

ئایە دەترسێی شەوانە کە خەوت دەزڕێ و بە بێداری دەیگوزەرێنی؛ هرسێک، خێوێک هەر دەعبایەک لە ژووری نووستنەکەت سەراودووت بنێ و دەرەنجام لەسەر جێوبالینگانەکەت بتگرێ و سوارت ببێ؟ ئایە لەو خەونە بێ ئەنجامانە دەترسێی کە ڕەگەڵ کراسە کرژ و چرچەکانت لە کونوقوژبنەکانی ژوورەکەت کەلەکەبوونە؟ سڵ لەو لەکە سوورانەی سەر پەردەی چاوانت دەکەیت؟ ئەو چرچولۆچانەی لاڕوومەتەکانت کە لە ئاوێنەی سەرشۆرەکەت سڵاوت لێ دەکەن!؟

ئایە دەترسێی جارێکی دیکە ڕانەکان و لاقوونانت لە نێو کاوبۆیە دڵخوازەکەت جێیان نەبێتەوە؟ مەگەر ناترسێی جارێکی دیکە خۆشەویستانت نەبینییەوە؟ دەترسێی لەوەی نەتوانی جانتای گەشتەکانت ئامادەکەی؟ ترست لە تووشبوون بە نەخۆشییەکی کوشندەی بێ چارەسەر هەیە؟ داخۆ یادی ڕێزلێگرتنێکی شیاو دەکەی؟ ئەدی لەوە ناترسێی تاکە گرنگی پێدان کە لەلایەن بەرانبەرەکانتەوە هەستی پێ دەکەی لە پای گان و راموسان بێ؟ ترسی ئەوەت نییە ڕۆژێ لە ترسی بەڕێوەبەرەکەت خۆت پیس بکەیت نەکا لەپڕێکدا هەر لەو گۆڕەی و بە ئارەزووی خۆی گرێبەستی کارەکەت هەڵبوەشێنێتەوە؟ ئەرێ دەترسێی کەرەوێتەکەت قووتت بدات؟ تەنیا و وێران و فەرمۆشکراوی، دەترسێی لە باوەشی پشیلان بمری و لە نێو ئەلبوومی دۆست و خزمانت ببیە یادگاری؟ ئایە دەترسێی لەوەی کە دەترسێی؟

دەی واز لە ترسان و مەترسییەکان بێنە! هەر ئێستا و بە پەلە و بە یەک پێوەندیی تەلەفۆنی،

تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئامێری شۆڕشگێڕانە و داهێنەرانەی «کوشتنی ترس» بە نرخی تەنیا ٢٩٩ دۆلار دەگاتە ماڵەکەت!

جوان و پوختەیە بە سێ ڕەنگ بەردەستە- سپی و خۆڵەمێشی و ڕەش- بەکاربردنی ئاسانە و لە ڕووی ئابوورییشەوە گونجاوە، بە کارەبا و بە پاتری کاردەکات.. کە دەیکڕی دوو پاتری یەدەگیشی لەگەڵە، هەر کاتێ ترسەکان سەریان دەرهێنا و سەرەدیقانێیان لەگەڵ کردی، یان ویستیان هێرش بکەن و تووشی هەر داخورپان و دڵەڕاوکێیەکت بکەن تەنیا ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستت بخەیە نێو کونی نێوەڕاستی ئامێرەکەوە و سویچەکەی سوورێدەی، هەر لەگەڵ گەیشتنی وزەی کارەبایەکە لە ماوەی پێنج خولەکدا ترس و دڵەڕاوکێیەکانت کەم دەکاتەوە.. ئیدی هێدی هێدی هەرچی ترس و نیگەرانییە دەیڕەوێنێتەوە. دەتوانی ڕۆژانە سێ جار ئەو ئامێرە بەکار ببەی، ئەگەر بەدڵت نەبوو دەتوانیت لە ماوەی ١٦ ڕۆژدا پارەکەت وەرگرییەوە و ئامێرەکە بگەڕێنییەوە.

لەگەڵ کڕینی دوو ئامێر کۆمەڵێک چەقۆی پۆڵا و دامبۆکسی ناوازە وەک دیاری وەردەگری. پەلە بکە.. هەر ئێستا پێوەندی بکە! ئەو خستنەڕووە بۆ ژمارەیەکی سنووردار لە داواکاران کارا و بەردەستە!.

لەسەر کەرەوێتەکە لەترێکی دا و ڕاچەنی، گڕی جغارەکەی بێ هیچ مژێک گەیشتبووە سەر پەنجەکانی دەستی ڕاستی و لە خەو و ئەندێشەی ناگەهانی دەرهانی. تەلەڤزیۆنەکە کە نەیدەزانی لەسەر چ کەناڵێکە پڕوپاگەندەی بۆ کاڵا و ئامێرەکانی کۆمپانیایەکان دەکرد. مێزێک؛ قاوەیەکی ساردبووەوە و زەرفێکی پیتزا و دەبەیەکی کۆکا کۆلا و تەپڵەکێکی پڕ لە قونکە جغارەی لەسەربوو، دەبێ بە درێژایی شەو جغارەی کێشابێ.. قونکەکانی دەژماردن.

ڕێک ٣٢ ساڵ بوو، بەڵام ئامێری کوشتنی ترس لە هیچ جێیەک بەدی نەدەکرا! تەنیا تەپڵەکێکی پیسی تژی لە قونکە جغارە! هەستا و دوو جار دەرکەی ژوورەکەی کردەوە و گاڵەی داوە و بە پەلە دەستی دایە تەلەفۆنەکە بۆ ئەوەی داوای ئامێری کوشتنی ترس بکات بەرلەوەی ترسەکان ژوورەکەی بخنکێنن!